**مەهاباد قەرەداغی**

## قەیرانی هاوسەنگی لە دەستووری دەوڵەتی عێراقدا

### پێشەکی:

پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق ئاڵۆزە. دوو جوگرافیای جیاوازی بەزۆر پێکەوە لکێندراو، چەند نەتەوەیەکی خاوەن تایبەتمەندی مێژوویی جیاواز، چەند ئایینێکی ناتەبا لەگەڵ یەکتری و لەناو ئەوانیشدا مەزهەبی جیاوازی هاودژ، پێکەوە "بەزۆر" کۆکراونەتەوە و "بەزۆر" پێکەوە کراون بە هاونیشتیمان. لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتا ئەمڕۆ ئەو نیشتیمانە بە هۆی ئەو پێکهاتە ناتەبا و بەزۆر پێکەوە لکێنراوانەی لە دۆخێکی پڕ لە تەنگژە و قەیراناویدا دەژین.

فەرمانڕەوا یەک لە دوای یەکەکانی ئەم دەوڵەتە تەنها بە خۆسەپاندن و توندوتیژی توانیبوویان کۆنتڕۆڵی ناکۆکییەکان و قەیرانەکان بکەن. دواترینیان ڕژێم بەعس بوو، کە دیکتاتۆرترین فەرمانڕەوای پێشکەش بە مێژووی دەڤەرەکە کرد و، لە ماوەی سیی و پێنج ساڵی تەمەنی فەرمانڕەوایی خۆیدا توندوتیژترین کلتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەم هێنا.

لە 9 ی ئەپریلی ساڵی 2003 دا پەیکەری سەددام حوسێن ڕووخێندرا، بەڵام ئەو کلتووری توندوتیژییەی کە ئەو بەرهەمی هێناوە، ئەو بیرە ڕەگەزپەرستییەی ئەو گەشەپێدەری بووە و ئەو ناکۆکییانەی نێوان پێکهاتە ئیتنیکی و ئاینی و مەزهەبییانەی کە ڕژێمەکەی ئەو زیاتر قووڵی کردەوە، وەکو خۆیانن و ڕۆژانە توندوتیژی و تیرۆری زیاتر، بە میتودی سەرسوڕهێنەر بەرهەم دەهێننەوە.

پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق ئێستاش وەک ئەوسایە، جوگرافیای بەزۆر پێکەوەلکێنراو، گرووپی ئیتنیکی جیاواز و ناکۆکی بەزۆر پێکەوە ژیاو، ئایین و مەزهەبی ناتەبا لەگەڵ یەکتری و بەزۆر پێکەوە گرێدراو. هەموو ئەمانە زەمینە بۆ توندوتیژی و تیرۆر تەخت دەکەن، ڕێگە بۆ پێشێلکاری مافی مرۆڤ خۆش دەکەن و تەنگژەی ڕاستەقینە دەخوڵقێنن.

ئێستا دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتە بووتە پرسێکی ئەکتوێل. لیژنەی دانانی دەستوور کە تێکەڵێکن لەو پێکهاتە ناتەبایانە. جگە لەمانەش دوو ئاراستەی فیکری جیاواز و هاودژ، ئاراستەیەک مەیلی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە و، دیموکراتیزەکردنی سیستەمی دەسەڵات و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتی هەیە، ئاراستەکەی تریش مەیلی پارێزگاری داب و نەریتی خێڵ و هێشتنەوەی سەرۆکخێڵەکان لە دەسەڵات و گرێدانی دین و دەوڵەتیان هەیە.

## وانەیەک لە مێژووەوە:

لە نێوانی دوێنی و سبەینێدا ئەمڕۆی چارەنووسساز هەیە و دەستووری ئەم دەوڵەتەی تێدا دەدادڕێژرێت. ڕابردووی هەشتاوپێنج ساڵەی ئەم دەوڵەتە، هەر لە ساڵی دامەزراندنییەوە لە هەتا ئەم ساڵ 2005، مێژوویەکی تاریکی پێکهێناوە، چونکە لەسەر بنەمای ترس و تۆقاندن و پێشێلکاری مافی گەلان و گروپ و توێژەکان، کە دانیشتوانی ئەم دەوڵەتەن، بنیات نرابوو. ئەمڕۆمان هەیە و چارەنووسسازە بۆ دانانی نەخشەی پاشەڕۆژێکی جیاواز و پێچەوانەی ڕابردوو، بە مەرجی ئەوەی چۆن و بە چ شێواز و ئامرازێک ڕەفتار لەگەڵ ئەمڕۆدا دەکرێت بۆ بنیاتنانی مێژووی سبەینێ. ئایا ئەو ئەمڕۆیەی کە ئێستا دەستووری تێدا دەنووسرێت و ئێستا ئێمە لەناو سات و کاتەکانیدا دەژین و ئەو بڕیارسازانەی ئەمڕۆ لە وڵات بەڕێوە دەبەن و ئەو لیژنەیەی بۆ دەستوور سازکراوە دەتوانێت هیوا بەخش بێت کە بەهۆی دەستووری هەمیشەییەوە ئاینده لە ڕابردوو گەشتر دەبێت؟

ئەوەی کە ڕوون و ڕەوان دیارە و تەنگژەخوڵقێنە لیژنەی دانانی دەستووری عێراق و ئەو میتوودەی کە کاری لەسەر دەکەن، مرۆڤ گەشبین ناکەن بە پاشەڕۆژ. ناکۆکییەکانی نێوان گروپە ئیتنیکییەکان، ئاین و ئاییزاکان، شەپۆلە فیکرییەکان و ئاراستە هاودژەکان لە جاران قوڵترن، ئەمانەن لە نێو ئەو کۆمیتەیەدا گفتوگۆ دەکەن و پێکەوە دەستوور دادەنێن. ئەم پێکهاتەیەی کە بۆ دانانی دەستووری عێراق بە تۆپزی پێکەوە کار دەکەن بێ ئەوەی هیچ زەمینەیەک سازکرابێت بۆ پێکەوەژیانی ئاشتی و بێ ئەوەی گرووپەکان وەک یەک باوەڕیان بە کلتووری دیموکراسی هەبێت و جیاوازییەکانی یەکتری قبوڵ بکەن و هاوکات دان بە مافەکانی یەکتریدا بنێن، یەک ئەنجامی ترسناک دەدات بە دەستەوە، ئەویش ئەوەیە کە وا مێژوو دووبارە دەکرێتەوە و پاشەڕۆژیش بە دەردی ڕابردوو دەبرێت و وانەیەک لە مێژوو وەرنەگیراوە.

## قەیرانی هاوسەنگی لە نێوان هاودژەکان:

یاسای بنچینەیی وڵات شێوەی بەڕێوەبردن و سیستەمی دەسەڵات، ئەرک و مافی حکومەت و هاوڵاتی، سیستەمی داد و دادپەروەریی، ئەرک و مافی دامەزراوەکانی تری ناو کۆمەڵگە و هتد.. دیاری دەکات.  ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی باسمان کرد کێشەیەکی جیدی دەهێنێتە ئاراوە ئەویش قەیرانی هاوسەنگییە لە نێوان هەموو گروپ و لایەنەکانی پێکهێنەری عێراق. بێگومان ئەگەر هاوسەنگی نەبێت، دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێت. من لەسەر دوو نموونە دەوەستم کە زەقترینە لە ناو هەموو کێشەکانی تر و، لە دەستووری عێراقدا کێشە دروست دەکەن و ناکرێ هاوسەنگ بن، پرسی کورد و پرسی ژن.

- **پرسی کورد:**

هاوکێشەی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان چۆن هاوسەنگ دەکرێتەوە؟ کورد و عەرەب کە وەک دوو نەتەوەی سەرەکی، کە جگە لە ئاین هەموو شتێکیان جیاوازە و لە 85 ساڵی ڕابردوودا کورد وەک نەتەوەی ژێردەست و

عەرەب وەک نەتەوەی سەردەست لە ولاتێکیدا بە نایەکسانی ژیاون و ئەوی سەردەست ئەمی ژێردەستی لە مافەکانی داماڵیووە. کوردستان و عێراق، بە پێوەری زانستەکانی مێژوو، جوگرافیا و ئەنترۆپۆلۆژیا دوو ولاتی تەواو جیاوازن. کەسایەتی کورد و عەرەب، تێڕوانین و کلتوورو زمانیان دوور و جیاوازە لە یەکترەوە. کورد دەیەوێت "تەنانەت ئەگەر هەرناچاریش بکرێت لە ئێستادا لە چوارچێوەی عێراق دا بژی"، لای کەم لە دەستووری ئایندەی دەوڵەتی عێراقدا مافەکانی پارێزراو بێت و گەرەنتی هەبێت. ئایا ئەو مینتالیتەیەی نەتەوەی سەردەست هەیبووە و ئێستاش پیادەی دەکات، بەو تێڕوانینە خۆسەپێنەرە تووندوتیژیئامێزەوە کە لە گوتار و ڕەفتاری سەرکردەکانیاندا ڕوون دەکەوێتەڕوو، دەتوانێت مافەکانی گەلی کورد قبوڵ بکات؟ ئەی ئەگەر تەنانەت لە دەستووریشدا و بە تیۆری برێک لەم مافانە تۆمار کران، لەسەر زەمینی واقیعدا لە عێراقدا پیادە دەکرێن و کورد دەتوانێت دڵنیا بژی؟

ئایا سیستەمی فیدراڵی بەو شێوەیەی کە لە یاسای کاتیدا هاتبوو دەتوانێت زامنی مافەکانی کورد بکات، لە کاتێکدا کە بەشی هەرەگرنگی کوردستان کە کەرکووکە دابڕاوە لێی؟ ئایا فیدراڵییەکی بێ کەرکووک دەتوانێت نەتەوەیەک ڕازی بکات کە 85 ساڵە بێبەش کراوە لە سامانی خاکەکەی خۆی سەرباری ئەوەش جینۆساید کراوە؟ ئایا لە دابەشکردنی دەسەلات و داهاتدا کورد تەواوی مافی خۆی وەردەگرێت؟ ئایا زمانی کوردی کە پێکهێنەری بەشی سەرەکی ناسنامەی کوردە وەک زمانێکی فەرمی لە یاسادا دانپێدانراو لە پراکتیکدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بە یەکسانی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین؟ ئایا لە سەر پولی پۆستە و دراوی ولاتدا بە کوردی دەنووسرێ؟ ئالای کوردستان بە ڕەسمی دەناسرێ؟ .. و زۆر پرسیاری تریش هەن کە بێوەلام ماونەتەوە و ترسی جیدی هەیە کە دەستوور خۆی لەم کێشانە نەبان بکات و پشتگوێیان بخات.

- **پرسی ژن:**

لە ولاتی عێراقدا و بە تایبەت لە 35 ساڵی حوکمی ڕژێمی بەعسدا سیستەمی خێڵایەتی گەشەی پێدرا. لە سیستەمی خێڵیشدا ئافرەت وەک کۆیلە تێی دەڕوانرێت و مافەکانی پامال دەکرێت. ئێستا و بە هەمان پیاوانی خێڵ و بنەماڵە و بە هەمان مینتالیتە و تێڕوانینەوە بەشی هەرە زۆری کورسییەکانی پەرلەمان و حکومەتیان پڕکردۆتەوە. سەرکردە ئایینییەکان بۆ نموونە سیستانی هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە دەستووری عێراقدا ئایین و شەرع ببێتە سەرچاوەی یاسادانان و هیچ یاسایەک هاودژ نەبێت لەگەڵ شەرع. بە هەمان شێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرۆکخێڵەکانی عێراق بەشداری دانانی دەستوور بن. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە پرسی ژن لە دەستووردا ناتوانرێ وەک پێویست بە ڕێژەییش چارەسەر بکرێت.

له ناو یاسای کاتی دەوڵەتی عێراقدا ڕێژەی 25%ی ئەو کورسییانە بۆ ژن دانران. ڕاستە ژنان خۆیان داوای بەشداری و ڕێژەی بەشدارییان کرد، بەڵام ئەوەی ڕوونە بۆ هەمووان ئەوەیە ئەگەر هێزی فرەنەژاد و لەسەرووی هەمووانە ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەبووایە، خەباتی ئافرەتانی عێراق 25 ساڵی تریش 25%ی بەدەست نەدەهێنا و مەحاڵ بوو پیاوانی حوکمڕانی سەرەکخێڵ و کۆنەخوازانی نێو حکومەت و پەرلەمان ددانیان بەو مافە ڕەوایەی ئافرەتاندا بنایە.

دوو بڕگەی دژ بەیەکتر لە یاسای کاتیدا و وا چاوەڕوان دەکرێت لە دەستووری هەمیشەییشدا ناهاوسەنگیەگەورە دروست بکەن. ئەوەی کە ئایین یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان بێت ناکۆک و هاودژە لەگەڵ ئەوەی کە بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ سەرچاوەی یاسادانان بێت.

هێزە سیکولارەکان خوازیاری جیاکردنەوەی دین و دەوڵەتن و نایانەوێت ئایین سەرچاوەی یاسادانان بێت. نزیکەی هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باوەڕیان بە پرنسیپی جیابوونەوەی کاروباری ئایینی لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتەوە هەیە. چارەسەرکردنی ئەم دوو داخوازییە هاودژە ئاڵۆزە و، داڕێژانی دەستوورێکی ناهاوسەنگیش کە بڕگەکانی دژی یەکتری بن چارەسەرێکی ئاڵۆزتر و گرفتخوڵقێنە.

**کێشە و چارەسەری کێشەخوڵقێن:**

ڕازیکردنی هەموو گروپ و لایەنە هاودژ و ناتەباکانی نێو نیشتیمانی بەتۆپزی دروستکراوی عێراق، ئاستەمە. بەرامبەر بەمەش ئەو چارەسەرییانەی کە دانراون و گوایە لە دەستووردا جێدەگرن، چارەسەری کێشەخوڵقێنن. واتە نەک کێشەکان چارەسەر نەبوون و نابن بەو پرنسیپەی کە ناوی نراوە "التوافق" گرفتدارە.خودی تەوافوقی لەو شێوازە بە تیۆری و وەک مەرەکەبی سەر کاغەز کێشەی نییە، بەڵام لە پراکتیکدا پیادەبوونی نزیکە لە مەحاڵەوە.

ئەگەر مەبەست لە چارەسەرکردنی کێشە بێت، بە تایبەت لەو دوو پرسەدا کە من بە تایبەتی لەسەری ڕاوەستاوم، پرسی کورد و پرسی ژن، هەردووکیان لە نێو خودی کوردستاندا وەک هەرێمێکی فیدراڵی جوگرافیایی و مێژوویی تەواو ئازاد کە دەستووری تایبەتی خۆی هەبێت و پەرلەمان و حکومەتەکەی بە پێی دەستووری تایبەتی کوردستان وڵات بەڕێوە ببەن، دەکرێ پرنسیپی یەکسانی و جیایی دین و دەوڵەتیش بە ئاسانی چارەسەر بێت. بەڵام گرێدانی کوردستان و پابەستکردنی بە دەستووری عێراقەوە ئەو دەستکەوتەی کە لە خەباتی چەند ساڵەشدا بە دەستهاتووە سەبارەت بە پرسی یەکسانی، لە دەست دەچێت. فەرمانڕەوایانی کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی پێکهێنەری حکومەت تا ڕادەیەکی باش باوەڕیان بە عەلمانیەت هەیە. پرسی یەکسانی نامۆ نییە بە کلتووری کورد و کاری بۆ کراوە و دەکرێت. ئەگەرچی ئەم پرسە لای ئێمەش لە سەرەتایدایە و هێشتا بە

تەواوەتی نەچەسپیووە، بەلام خودی مەیلی دەسەلاتداران لە کوردستاندا بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە و کارکردنی جیددی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پرسی یەکسانی و پەروەردەی مەدەنی، لە وتار و ئەجندایاندا، ئەو هیوایە دەبەخشێت کە لە دەستووری کوردستاندا گرفتی گەورەمان نابێت بۆ چەسپاندنی پرنسیپی یەکسانی و بەندەکانی مافی مرۆڤ.

**دوا وتە:**

دەستوور پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدرێت، پێویستە هۆشیارییەکی دەستووری وا لە لای هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگەدا دروستکرابێت، کە بتوانن لە هەموو خاڵ و بڕگەکانی بکۆڵنەوە و لە ناتەبایی و ناکۆکی بڕگەکانیدا لەگەڵ یەکتری ئاگادار و هۆشیار بن.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هۆشیاری دەستووری لە لای خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستانیش یەکجار کەمە و بەشی ئەوە ناکات هەموو ئەو ناهاوسەنگییانەیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە. جگە لەو هۆشیارییەش مرۆ پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ گفتوگۆکردنی ئەو ناهاوسەنگییانە و پێشنیارکردنی ئەڵتەرناتیڤ و چارەسەر بۆ هەر یەکەیان. ئەگەر بڕیار وابێت لە مانگی داهاتوودا ڕیفراندۆمێکی گشتی بۆ پەسەندکردن یان نەکردنی دەستوور بکرێت، کوانێ دەستوور و خاڵەکان و بڕگەکانی لای ئێمە ڕوونن تا بتوانین لەسەریان بپەیڤین و لەبەرامبەر ناهەوسەنگییەکانی هەڵوێست وەربگرین؟

جگە لەو ناهەوسانگییانەی کە دەرکی پێدەکرێت لە دەستووردا گرفتی ڕاستەقینەمان بۆ بخوڵقێنن، نارەواییەک و بەسەرداسەپاندنی دەستوورێکی هەمیشەیی دەرک پێدەکرێت، کە چارەنووسی گەلانی عێراق و گەلانی کوردستانی پێوە بەندە. دەستوورێک بۆ ئایندە، پێویستە دەستوورێکی هاوسەنگ بێت و دادپەروەری بووبێتە بنەمای. مرۆڤ نابێت لە پێناوی پرنسیپی تەوافوقی بەزۆر داهێنراو"کە تەنها دەتوانێت تیۆرییەک بێت قابیلی پراکتیزەکردن نەبێت"، واز لە مافەکانی خۆی وەک گەلێک یان وەک ڕەگەزێک و توخمێک بهێنێت. هەق نییە نە کورد و نە ژن کە خاوەنی دوو پرسی گرنگن بەو پرنسیپە کار بکەن کە زیاتر لە نیوەی مافەکانیان دادەماڵێت.

...

2005/07/12